## ------------ کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ------------------------------

# بانگەوازێك بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی عیراقدا کە چارەنوسی خەڵکی کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبا

### خەڵکی ئازادیخواز لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان

### لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان

### هەڵسوراوانی بزوتنەوەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەچالاکی سیاسی و جەماوەری لە شارەکانی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی دەنگی " نا" ووتن بەدەستوری هەمیشەیی عێراق نوێنەرایەتی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی کرد بەرامبەر بە دەستوری ژێردەستەکردنەوەی خەڵکی کوردستان. ئەمرۆش بۆ هەڵبژاردنی حکومەتێکی ئیسلامی و قەومی کە ئەو دەستورە کۆنەپەرستانە و دەسەڵاتی ئیسلامی و شۆڤینیستی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەسەپێنێت ، دەنگی ناڕەزایەتی خۆی بەرزکردۆتەوە و نوێەرایەتی ئەو ناڕەزایەتیە جەماوەریەی کوردستان کە نایانەوێت چارەنوسیان بدەنە دەستی ئەو حکومەتەی ئەم هەڵبژرادنە دێنێتە ئاراوە.

ئەمرۆ رۆژێکی حەساس و چارەنوس سازە و رێگە مەدەن بەدەستی خۆتان ئەم چارەنوسە ڕەشە بەسەرتاندا بسەپێنن و لەپێناو چەند کورسیەکی یەکێتی وپارتیدا دەنگتان بەکاربێنن بۆ دروستکردنی ئەو حکومەتە کۆنەپەرستانە ئیسلامی وقەومیە. رێگە مەدەن چارەنوسی خەڵکی کوردستان بخرێتە دەستی حکومەتێکی مەرکەزی ئیسلامی و شۆڤینیستی عەرەبی و دەنگی ناڕەزایەتی بەامبەر بەم هەڵبژاردنە بەرزبکەنەوە کە مافی چارەنوس و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان پێشێل دەکا. هەرچۆن ڕیزی ناڕەزایەتیەکانمان لەپێناو  ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و دژی گەندەڵی ئیداری و لەپێناو ئازادی ڕادەربڕین و دەسەلاتی مەدەنیدا لە کوردستان هاتۆتە مەیدان و لە کەلار و زەڕایەن وسلیمانیەوە تاکو ڕانیە وئاکری و هەولێر و دهۆك خۆی نیشانداوە ، ئاواش لەپێناو مافی دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان لەلایەن خۆیانەوە نەك لە لایەن حزبە ئیسلامی و شۆڤیسنیتیەکانی عیراقەوە دەنگ بەرزبکەنەوە .

ئێوە هەرچۆن دوێنێ لە دژی رفراندۆمی دەستوری کۆنەپەرستانە ،کارتی فشاری دەنگ نەدان و مقاتەعەتان بەرزکردەوە و دەسەلاتدارانی کوردستانتان هێناوەتە ژێر فشاری گوێگرتن و حساب بۆکردنتانەوە. ئێستاش بەم هەڵوێستە ئۆپۆزسیۆنی و معارەزەیەتان  ئەم هەڵبژاردانەیان مقاتەعە بکەن و کۆبونەوە و ئاکسیۆن بکەن لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و شیعاری جیابونەوەی کوردستان و مافی رفراندۆمی خەڵکی کوردستان بەرزبکەنەوە لەو شوێنانەی ئەوان سندوقەکانی هەڵبژاردنی چارەنوسی ڕەش بۆ خەڵکی کوردستان دادەنێن.

لەم چەند رۆژەدا کە ئەوان هەڵبژاردنە ڕەشەکانیان دەبەن بەڕێوە  ، ئێوە بە مقاتەعە و بە بەرزکردنەوەی دەنگی سەربەخۆیی کوردستان رێگابگرن لەم هەنگاوەی خەڵکی کوردستان بەرەو هەڵدێر و ژێردەستەی دەبات و ئەم هەڵوێستە مێژوویی‌یەی خۆتان بە کۆمەڵگا نیشان بدەن.

### نا بۆ هەڵبژاردنە ڕەشەکان ، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

### کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

2005/12/12

Tel :00447760131203, 07701549800     Email:asokamal1@aol.com , zmnaco@yahoo.com